## سەردانی جۆرج بۆش بۆ هۆلەندا

## بەرەورووی رەخنەونارەزایەتی توندی جەماوەری بۆوە!

ئەمرۆ 7ئایار جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا لەکاتی سەردانیدا بۆ گۆرستانی قوربانیانی سەربازانی سوپای ئەمریکا، کەلەجەنگی جیهانی دووەمدا لەناوچەی Limburgی هۆلەندا، بوونەتە سووتەمەنی ئەو جەنگە مالویرانکەرە، بەرەورووی شەپۆلیکی گەورەی رەخنە ونارەزایەتی تووندی سەرتاسەری خەلکی هۆلەندا بۆوە. هەرچەندە دەولەتی راسترەوی هۆلەندی هاوپەیمانی ئەمریکا لەجەنگی داگیرکردنی عیراقدا، لە5 شارەوانی نزیکی ناوچەی سەردانەکەی بۆش مۆلەتی بەرپاکردنی نارەزایەتی وخۆپیشاندانی نەدابوو، بەلاّم لەسێ شاری گەورەی هۆلەندا بەبەشداری چەندین هەزار کەس خۆپیشاندان وریێپیوانی جەماوەری بەرفراوان بەرپاکرا، بەدژی سەردانەکەی جۆرج بۆش وبەتوندی سیاسەتی ملهوری وجەنگ ومیلیتاریزمی ئەمریکایان ریسوا ومەحکوم کرد. وەخواستی سەرەکی ئەم خۆپیشاندان ونارەزایەتیانە چوونەدەرەوەی دەسبەجێی هیزە سەربازییەکانی ئەمریکابوو لەعیراق بەبێقەید وشەرت. هەروەها بەتووندی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری ئەمریکایان بۆ سەر خەلکی سووریا رەتکردەوە.




شاری ئەمستردام ئەمرۆ گۆرەپانی چەندین هەزار کەسی ئەو شەپۆلە نارەزایەتیانە بوو بەدژی سەردانەکەی بۆش، وبەهەزاران شیعار وتراکت وپلاکارت ولافیتەی گەورە وجۆراوجۆر رازینرابووەوە، کەهەرهەمووی یەکپارچە تەعبیربوون لەنەفرەتیکی عەزیمی جەماوەری وسەرتاسەری کۆمەلگای هۆلەندا لەدژی جەنگ وداگیرکاری وسیاسەتی ملهوری وگەمارۆی ئابووری، کەدەولەتی ئەمریکا نەخشی سەرەکی هەیە لەبرەوپیدان وبردنەپیشەوەیاندا. خۆپیشاندان لەمەیدانی گەورەی Museumpleinوەبەمیتینگیکی گەورە دەستی پێکرد ودواتر بەخۆپیشاندانیکی دوورودریژ بەناوشەقامەسەرەکییەکانی ئەمستردامدا بەرەو مەیدانی بەناوبانگی Damبەرێکەوت وبەدەیانهەزارکەس لەمبەرەوبەری شەقامەکانەوە بەناونیشانی پشتگیری لەخۆپیشاندان دەستیان بەرزدەکردەوە، وخالی کۆتاییەکەی گەرانەوە بوو بۆ هەمان مەیدانی ناوبراو. ئەمرۆ دوای دووسالّ لەداگیرکردنی عیراق و،وەستانەوەی دەیان ملیۆنیی جیهانی شارستانی لەدژی سیاسەتی جەنگخوازی ئەمریکا لەئازاری سالی 2003دا، هۆلەندا بووە شانۆی نمایشیکی بێوینەی دیکەی ئەم حەرەکەتەجەماوەرییە جیهانییە لەبەرامبەر ئەمریکا وسیاسەتەکانیدا.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق_کۆمیتەی هۆلەندا بەشدارییەکی جددی وبەرچاوی لەخۆپیشاندانی شاری ئەمستردامدا کرد، بەدانانی میزکتیبی حیزب وبەرزکردنەوەی دوو لافیتەی گەورە کەبەزمانی ئینگلیزی لەسەریان نووسرابوو، (بۆش..دەسبەجێ هیزەکانتان لەعیراق بەرنەدەرەوە! وە، ئەمریکا تیرۆریزم لەناونابات، بەلکو خۆی سەرچاوەی تیرۆرە!)، کەبەتەواوی ببوە جیگای سەرنجی خۆپیشاندەران ودەزگا وکەنالەکانی راگەیاندنی محەللی وسەرتاسەری هۆلەندا، وبەسەدان وینەیان لەو شیعارانە ولەهاورێیانمان دەگرت کەبەبەرگی تایبەت بەکۆنگرەی ئازادی عیراقەوە بەشداربیون لەم رۆژەدا. هەروەها

لەلایەن کەنالی تەلەفزیۆنی سەرتاسەری RTLtv و محەللیRTL N-H وAT5 ورادیۆی نۆرد هۆلەندەوە، چاوپیکەتن لەگەڵ هاوریێیان (ئەستیرە محمد فاتح و ریبوار عوسمان – ریپا) سازکرا.کەپرسیاریان دەربارەی شیعارەکانی حیزب وهەلویستیان لەبەرامبەر وجودی ئەمریکا لەعیراقدا لەهاوریێیان دەکرد،وئەوانیش وەڵامیان دانەوە. هەروەها سەدان بەیانی راگەیاندنی پیکهاتنی کۆنگرەی ئازادی عیراق بەزمانی هۆلەندی وعەرەبی وکوردی بلاوکرانەوە. جیگای ووتنە کەژمارەیەکی بەرچاو لەخەلکی عیراق وجالیەی عەرەبی پەیوەندیان لەگەڵ هاوریێیانمان گرت وبەگەرمی پشتگیرییان کرد لەکۆنگرەی ئازادی عیراق وسیاسەت وشیعارەکانی حیزبمان. هەروەها ئیوارەی هەمان رۆژ کەنالی ATV5 و N-H RTV وبەشیك لەچاوپیکەوتنی ئەستیرە محمد فاتحیان پەخشکردەوە.




حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق–کۆمیتەی هۆلەندا

7ئایار2005